# ئەمڕۆ هەموومان سۆرانین..
# چیدی توندوتیژیی ناتوانێت جارێکی تر دەنگی ئازادیی دا بخات

تکایە زاکیرەمان مەگۆڕن، با وەختێك باسی کەرکوك دەکرێت لەبری نەتەوەیەکی ژێردەستەی تینوو بەژیانو ئازادیی، ژانو سوێی کوشتنی سۆرانەکانمان بیرنەکەوێتەوە.. چەند ناشرینو شوورەییە رشتنی نیو سەدە لەخوێن بۆ رزگارکردنی گەلێكو ئازادکردنی شارێك، بکەوێتە خزمەت باندێکی چاوچنۆکی مرۆڤکوژەوە کە مانەوەی خۆی لەسەر کوشتنو بێدەنگکردنی سۆرانەکان درێژە پێبداتو لەگەڵ ناوهێنانی کەرکوکدا زاکیرەمان بەرەو وێنەی پەڵە خوێنی مرۆڤو رۆژنامەنوسێکی بوێر بڕوات..

دەبێت چ دڵێکمان بەشارو نیشتمانێك خۆش بێت کەجێگەی سۆرانەکانی تێدا نەبێتەوە، ئێستا هەریەکەمان هێندەی ساتەوەختی کونکونبوونی جەستەی بێگەردی سۆران ئێشو ژانمان هەیە، ئاخمان هەیە بۆ وڵاتێك ساڵی 2007 خەڵاتی بلۆكو غەدری داچەقاند بەجەستەی "دوعا"داو لەزاکیرەی ئێمەدا ساڵی 2008 بەژانو خەمی سۆرانی رۆژنامەنوس و مرۆڤەوە بەرێکرا..

پێتان سەیرنەبێت گەر بڵێین ئازارو سوێی سۆران وەختە سەرجەم ئازارەکانی تری کەرکوکمان سڕبکاتو ئەو تۆزقاڵە بڕوایەشی بەرامبەر دیموکراسیو مەدەنیەتو شارستانیەت هەمانە بیکوژێنێتەوە.. وەکئەوەی خەڵاتی رۆژنامەنووسیی لەرۆژی نیوەڕۆدا نادەنە سۆرانو "سۆرانەکان" باشە بۆچی بەو شێوە ترسنۆکانەیە خەڵاتی خڵتانی خوێنی دەکەنو لەناو کوردنشینترین گەڕەکی کەرکوکدا بەبەرچاوی دایکو خوشکانیەوە ژیانی لێدەسێننەوە، ئەمەیە هەموو ئەمەکدارییو دیارییەکانتان بۆ مرۆڤە خاوەن قەڵەمە تیژەکانی نێو شارێکی مینرێژکراو بەچەندین خەریتەو پیلانی جۆراوجۆر؟!..

ئەی بکوژانی سۆران، ئەگەر ئێوە بتانەوێت گەرووی ئازادیی دابخەن دەبێت هەموومان بکوژن، بیر لەو ژیانە زەلیلو دڕدۆنگە مەکەنەوە کەتەنها هەر خۆتانو درێژکراوەو دەستوپێوەندەکانی خۆتانی تێدا بێتو سۆرانبڕی بکەن! گرەو لەسەر ئایندەیەك مەکەن کەتێیدا سۆرانەکان بێدەنگ کرابن، لەبەر هیچ نا، تەنها لەبەرئەوەی ئێستا هەرهەموومان سۆرانین، تەواکەریی ئەوەین کە نەتانهێشت سۆران تەوای بکات..

ئەگەر هێشتا وادەزانن بەپارەو پوولی زۆروزەبەند، بەدەزگا شاراوە نارەسمیو بکوژو بڕەکان دەتوانن دەنگی ئازاد، چامەی ئازاد بخەسێنن، بتۆقێنن، زۆر دوور مەکەونەوە، هەمووی پێنج ساڵێك بڕۆنە دواوەو چارەنوسی رەشی جەللادەکانی بەعس بهێننەوە پێشچاوی خۆتان..

کوشتنی سۆران شکۆی ئەو مرۆڤە مەزنە دەردەخات کە رەنگە زۆرێك لەئێمە لەناخەوە ئێرەیی بەجورئەتو بوێرییەکەی بەرین، بەو راستگۆییەی لەپێناویدا ژیاو گیانی بۆ بەختکرد، سۆرانێك کەتوانی لەتەمەنێکی کەمدا ئەو گەورەییە تۆمار بکات..

بۆ بەرز ڕاگرتنی گیانی کاکە سۆران، ئێمە وەك "فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی" پێشنیاری ئەوە دەکەین لێرەدا، لەپارکی نالی،پەیکەرێك بۆ سۆرانی شەهیدی قەڵەم دروستبکرێتو کاری لێبڕاوانەش بکرێت بۆ دامەزراندنی رێکخراوێك، رۆژنامەیەك بەناوی سۆرانەوە.. بۆ ئەوەی بەبەردەوامی بەبکوژانی راستی بڵێین کەئێوە هیچ کاتێك ناتوانن دەمی ئازادیی بگرن..

## "فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی"

2008/7/26

| | |
|---|---|
| 1 | پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن - KIE |
| 2 | ڕێکخراوی وادی - WADI |
| 3 | سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ - DHRD |
| 4 | ڕێکخراوی دەستپێشخەری کومەڵی مەدەنی - CSI |
| 5 | ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کورد - KHRW |
| 6 | مەڵبەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی - BCC |
| 7 | ڕێکخراوی گەشەپێدانی یاساو مەدەنیەت - LCDO |
| 8 | ڕێکخراوی ڕاسان بۆ بەرەنگاری لەتوندوتیژی ژنان |
| 9 | ڕێکخراوی ئاسوودە بۆ بەرەنگاری لە توندوتیژی ژنان |
| 10 | ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان - KVRA |
| 11 | ڕێکخراوی چاك - CHAK |
| 12 | ڕێکخراوی سپێدە |
| 13 | ڕێکخراوی گەشەپێدانی کۆمەلایەتی کوردستان - KCDO |
| 14 | ڕێکخراوی هاوپەیمانی ژنان لە پێناو دیموکراسی - WAFDI |
| 15 | ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال |
| 16 | ڕێکخراوی کوردۆ - KURDO |
| 17 | ڕێکخراوی گەشەپێدانی چالاکی لاوان - YADK |
| 18 | ڕێکخراوی تیشك بۆ گرنگیدان بەبواری ڕۆشنبیریو مافی مرۆڤ |
| 19 | ڕێکخراوی کیدۆ بۆ گەشەپێدانی ئابووری کوردستان - KEDO |
| 20 | ڕێکخراوی بزاڤی بەرەو مەدەنیەت |
| 21 | ڕێکخراوی گەشەپێدانی مرۆڤودیموکراسی – DHDO |